# دنیای منداڵان ٦

پاشکۆی

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٣٥٥، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨١ (٢١ی دێسامبری ٢٠٠٢)







## زستـــــان لە رێ دایـــــە

خونچە گوڵەکان: ئەو کاتەتان شاد

خۆشەویستانم، زستاتن لە رێ دایە، زستان وەرزێکی ساردە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان شاخ و کێو و دەشت و دەر بەرگی سپی دە بەر دەکا. بەفر وڵات دادەپۆشێ. بەفر دوو قازانجی گشتیو بەرچاوی هەیە، یەکەم ئەوەی کە ئاو زیاد دەکاو کانی و رووبار دەژێنەوە و سەد و بەنداوەکان پڕ دەبن و وەرزێرەکان لە خەم دەرەخسێن و بەرو بوومی کشت و کاڵی دێتە بەر و دەخڵو دان مشە دەبێ. دووهەم ئەو جڕو جانەوەرانەی زەرەریان بۆ دەغڵ و دان هەیە دەیان کوژێ و بۆ ساڵی داهاتوو وەك دەڵێن: "ئافەت" کەمتر دەبێ.

ئازیزانم، بەفر بارین زۆر قازانجی دیکەشی هەیە کە باس کردنیان پێویست نییە. بەڵام دەبێ لەوەش ئاگاداربین کە ئەگەر وریا نەبین ئێمە زەرەری لێ دەبینین. بۆ نمونە زۆر جاران دیتوومانە کاتێ بەفر کلووکلوو دێتە خوار منداڵ لە ژووری گەرم را یەکسەر دەر دەپەرێ و بەرەو ئاسمان دەست هەڵدەبڕێ خۆی بۆ هەڵداوێ و پێی وایە پەشمەکە دەبارێ! هیچ ئاگای لە وە نییە کە ئەو لەو ژوورە گەرمەدا چۆتەدەرێ و لە وانەیە لەشی ئارەقەی کردبێو تووشی نەخۆشی ببێ! یان بە ئیشێکی کاتی لە ژوور دێتەدەرێ بێ ئەوەی خۆی بە چاکی داپۆشێ. دەنا بۆ کایە کردن لەگەڵ هەواڵەکانی لە ماڵ دێتە دەر بێ ئەوەی جلو بەرگی گەرمی زستانیی دەبەر کردبێ. جا بۆیە ئازیزانم ئاگاتان لەخۆتان بێ با تووشی نەخۆشیو دوکتورو شریقەو. . . نەبن.

## بــــەردە ● مـــافوور



هەڵکەوتوویی گشتی ئەو ناوچەیە کە بەردە مافووری لێیە کەوتۆتە کۆتایی ئەو بەشەی سەرچاوەی ئاوی زێی چووك کە لە بەرزاییەکانی "لەندی شێخانەوە" سەرچاوە دەگرێ.

جادەی کوێستانیی مەهاباد ـ پیرانشار دوای هاتنە خوار لە مەیدان بەڵەکو تێپەڕ بوون لە چەندین پێچو لابەلای سەختو خەتەرناكو جێهێشتنی ئاواییەکانی کانی باغو حاجی غەڵدە دەگاتە ئاوایی لگینو هەر لەو کاتەدا دیمەنی جوانو سەرنج ڕاکێشی دەربەندی گەلوو کە مەودای کیلۆمترێك لە ئاوایی دوورە دەردەکەوێ.


دەروازەی گەلوو تەنگو باریکەو ئاوێکی روونی بە دایم پێدا دەڕواو دیمەنێکی جوانی داوە بەو شوێنە. لە بەشی باشووری دەربەندەکە لە نێوقەدی کێوەکە بە بەرزایی ٣/٥ میتر شوێنی نووسراوەیەك بە ئەندازەی ٢×١ میتر هەڵکەندراوە بەڵام هیچ نووسراوەیەکی لەسەر نیە یا ئەگەر بووبێ بە هۆی باو بۆران خەتەکان لە نێو چوونو پاك بوونەتەوە، یا لە کاتی ئامادە کردنی ئەو شوێنە ڕووداوێك ڕووی داوەو نەیانتوانیوە هیچی لەسەر بنووسن. لەبەر ئەوە شێوەی لاکێشەیەکی هەیەو هەر بۆیەش بە بەردە مافوور ناودێر کراوە.

**ئازیزان، خۆشەویستان!**

**لەمەو دوا هەوڵ دەدەین هەر جارەی شوێنێكو شوێنەوارێکی کوردستان بە ئێوەی خۆشەویست بناسێنین. بەو بۆنەوە تکا لە هەموو شارەزایانی ئەم بوارە دەکەین لەم بارەوە بابەتمان بۆ بنێرن.**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەروێشك و ئاسکە کێوی



کەروێشك: ئاسکە گیان ماوەیەکـە دەتبینـم زۆر بـەخۆت دەنازی.

ئاسك: مام کەروێشك جا بۆ پێی سـەغڵەت بـووی، بـۆ بـە خۆم نەنازم، ئەی ئەوە نیە بە لوتکەکاندا هەڵدەگەڕێم و وەسـەر ئەم بەرزایی‌یانە دەکەوم.

کەروێشك: دە باشە پێـم نـاڵێی چـی لەسـەر لوتکـەکاندا هەیـەو لـەم بەرزایی‌یانـەدا چیـت چنـگ دەکەوێت؟

ئاسـك: ئـای مـام کەروێشـك، لەوە دەچێ وەکوو بـاوك و باپـیرانت گـەڕیدەو دنیـا دیدە نەبیت، ئەی نازانی لەسەر ئەم لوتکانەدا خۆرو رووناکی هەیـەو، لـەوێدا بـە ئازادی دەژین.

کەروێشك: باشە ناترسیت؟

ئاسك: جا بۆ بترسم، ئەی نەت زانیوە کە گوتوویانە: "ئەوەی لەسەرکەوتنی بەرزایی و چیاکان بترسێت، ئەوە تا دنیا مـاوە لـە نێو چاڵایی‌یەکاندا دەژی."

**ئارمان حەسەن‌پوور، سەرچاوە: ڕۆژنامەی "ڕێگای گەل"**



# کچە ئاسکۆڵەو داپیـــــرەو بەرخەکەی

هەبوو نەبوو کـەس لـە خـوای گـەورەتر نەبوو. کچێکی ئاسکی جوان هەبوو کە تەنیا داپیرەیەك و بەرخۆڵەیەکی هـەبوو. هەمیشـە داپیرەکـەی ئامۆژگـاری کچـە ئاسـکۆڵەکەی دەکردو دەیوت: ئەگەر لەگـەڵ بەرخۆڵەکـەت ڕۆیشتی بۆ دارستانەکەی ئەویـەر، دەبـێ زوو بگەڕێتـەوە،و ئـەویش دەیوت باشـە داپـیرە گیان.

پاش چەند ماوەیەك زستان هـات و کچـە ئاسکۆڵەش بە داپیرەی وت: داپیرە گیان مـن دەچم بۆ چیلکە کۆ کردنەوە بۆ دارسـتانەکەی ئەویەر. داپیرەش وتی: باشە بـەڵام دەبـێ زوو بگەڕێتـەوە. کچـە ئاسـکۆڵەش لەگـەڵ بەرخۆڵەکەی ڕۆیشتن بۆ دارستانەکەی ئەوبـەر بۆ چیلکە کۆ کردنەوە.

بەڵام، کچە ئاسکۆڵە بە کۆڵێك دارو دوو کۆڵ دار تەماعی پڕ نەدەبوو. هـەر چیلکـەی کۆ دەکردەوە تا شەویان لـێ نەهات بە خۆیان نەزانی. پاش کەمێك کچە ئاسکۆڵە لە ترسان نەیدەزانی چ بکا. ڕێگای لـێ غەڵەت بوو.

ڕۆیشتن، هەر ڕۆیشتن تا خۆیـان کـرد بـە ئەشـکەوتێکدا و کچەکـە وتـی بەرخۆڵەکـەم ئەمشەو لێرە دەمێنینـەوە. داپـیرەش بـەدەم چاوەڕوانی‌یەوە بـەلادا کـەوت و خـەوی لـێ کەوت. کچە ئاسـکۆڵەش تـا درەنـگ لـەوێ مایەوە، پاش کەمیك ورچیك هـات بـۆ نێـو ئەشکەوتەکەو وتی: بۆن دێ، بۆنـی بیگانـان دێ، لـەم دەرو مەکانـەی دێ. کچـە بچکۆڵەکـەش لەگـەڵ بەرخۆڵەکـەی بەدەم دەنگـی ورچەکـەوە خەبـەریان بۆوە. کە چاویان بە ورچەکـە کـەوت زۆر ترسان. ورچەکەش کە چـاوی بـە ئـادەمیزادیك و بەرخۆڵەیـەك کـەوت کـە هاتوونـە نـاو ئەشـکەوتەکەی ئەوەوە، سەری سوورما، هەر دەهاتە پیشـەوە تـا لـە ناکـاو پـڕی دایـە بەرخۆڵەکەو وتـی دەت خـۆم. کچـە ئاسکۆڵەش وتی: مەیخۆ من بەخێوت دەکـەم و خواردنیشـت بـۆ ئامـادە دەکەم. ورچەکەش وتی باشە نـایخۆم، بەڵام دەبێ بەیانی تەشـتیك هـەویرم بۆ بشێلی و بۆم بکـەی بـە کوللـیرە.

کچە ئاسکۆڵەش وتی باشە.

بەیانی کچە ئاسکۆڵە ئەو کارەی کـە لـە لایـەن ورچەکـەوە پـێ سـپێردرابوو جێبـەجێ کـرد. بـەڵام ورچەکە بـە نیـازی ئـەوە بـوو کچـە ئاسـکۆڵە بخاتـە نـاو تەنوورەکـەوەو بەرخۆڵەکەش بخوات. لەبـەر ئـەوەی کچە ئاسـکۆڵەکە زۆر وریـاو زیـرەك بـوو، دەیزانـی ورچەکـە بـە نیـازی کاریکی خراپـە، لەگـەڵ بەرخۆڵەکـە بڕیاریان دا فێڵ لـە ورچەکـە بکـەن، کچـە ئاسـکۆڵە بـە ورچەکـەی وت، تاکوو دەستم ڕادێ کولێرەکانم بۆ لـێ بکەوە. بەم جۆرە فێڵیان لـێ کـردو خستیانە ناو تەنوورەکەوەو سەریان لەسەر تەندوورەکە دانایەوەو بـەجێیان هێشت و لەگەڵ بەرخۆلەکە ڕۆیشتنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و بە داپیرە شـاد بوونەوە.





هەر بۆیە دەبێ لەم چیرۆکە، پەند وەربگریـن و گوێڕایـەڵ و گوێ‌بیسـتی گەورەکانمان بین و لە قسەیان دەرنەچین.

**فولکلۆر، گیابەند نستانی**

**ئەو نەققاشی و بابەتانەی هی خودی منداڵان نەبن، لەمەودوا بڵاو نابنەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاك و خاوێنی

من قوتابییەکی پاکم
زۆر هۆشمەندو چالاکم
لەش و بەرگم خاوێنە
بێگەردە وەك ئاوێنە
هەموو هەفتە خۆم دەشۆم
بۆ جێی پیس هەرگیز ناڕۆم
گەر نینۆك سەر دەر بێنێ
نینۆککەر دەیقرتێنێ
دوژمنە گەورەی مێشم
گەر جارێ بێتە پێشم
بە دەرمان دەی‌ڕشێنم
ڕەچەڵەکی دەردێنم
شتی سەردانە پۆشراو
نابێ بچێتە هەناو
چونکە پیس و پڕ تۆزن

بۆ گەدەم زۆر ئاڵۆزن
تف لە زەوی ڕۆ ناکەم
نەخۆشی بەرپا ناکەم
قوتابخانەم لا خۆشە
سەرچاوەی بیرو هۆشە
خاوێنیی لە ئۆباڵمە
چونکە دووهەمین ماڵمە
حەوشەو ژووری بە پاکی
ڕادەگرم زۆر بەچاکی

سەرچاوە: گۆڤاری ئاوات و هێڤی
ئاشتی محەممەدزادە، پۆلی شەشەمی سەرەتایی

## مرۆڤ هێندێ بهێلە کو بکارە جارەکە دنێ ببە هەڤال

دبێژن پیرەمێرەك کو شولا ڤی دار ئشکاندن بویە و حەمی ڕوژێ دچو ئاڤا دارستانێ، حەتا دارا بینە بفروشە و پارەیەکێ بدەستڤە بینە، ڕوژەکێ مارەکێ دبینە و هێرشێ دکەتە سەر مار کو بکوژە، لێ‌بەلێ مار دبێژێ: تو هەکی من بکوژی دێ چ بگیژە تە؟ وەرە ئەز و تو ببنە هەڤال و تو هەمی ڕوژێ بو من خوارنێ بینە و ئەز ژی هەر ڕوژێ زێرەکێ بدمە تە، دارڤانی قەبول دکەت و ئەڤ قرارا ڤان چەند هەیڤان دکێشە و دارڤانی پێ ڤان زێرا دەڤلەمەند دبە، لێ بەلێ ڕوژەکێ دارڤانی نەخوش دکەڤە و نکارە بچە دارستانێ، دبێژە کورێ خوە من تەڤی مارەکێ قرارەکە هانکی هەیە، نان بو مار ببە و زێرەکێ بینە، کورێ ڤی کو دچە دفکرە و خوەڤ خوە دبێژە چما ئێکجارێ ئەز لێ نەدەم مار نەکوژم و زێرا حەمیان کونێ دەرنەینم و نەبم؟ بەلێ گاڤا مار ل کونێ دەر دکەڤە کورك کەڤرەکێ دهاوێژە و دێلا مار بریندار دکەت و دچە نێزوك، مار خوە لێ ددە و کورك دڤەدە و هەر جهدا دمرە. وەختێ کو پشتی هەیامەکێ دارڤانی باش دبە، ڕوژەکێ دچە بال مار کو بێژە ڤەرە دیسان ئەم ببنە هەڤال، مار ل جهابێدا دبێژە، نە ئەڤ کورێ تە یێ مری نە ئەڤ دێلا من یا بری، بو هندێ نابن کو جارەکە دنێ ئەم ببنە هەڤال.


بەلێ ئەڤ مەسەلا ڕاستە کو دبە مرۆڤ هێندێ بهێلە کو بکارە جارەکە دنێ ببە هەڤال.

گوڵ جیهان سۆفی زادە
پولی پێنجا ددەستپێکێ یا عەرەبی ــ کەرکوك.

رەنگی بکە



رەنگی بکە




**منداڵی ئازیزا بە دڵی خۆت نەقاشی بکێشەوەو ڕەنگی بکە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەققاشی یەکانی "دنیای منداڵان"



گیارەنگ سەدقەت . قوتابخانەی ئازادی



شەماڵ مینبەری . قوتابخانەی ناوەندی یەك



ئیسماعیل ع . پیرانشار



پشتیوان رەزایی . ناوەندی یەك



ماریا بابیری . قوتابخانەی ئازادی



ئەوین رەمەزانی . قوتابخانەی ناوەندی یەك



تروسکە ئەحمەدپوور



ئاگام قادری



بەیان جووکەلی . زەوی سپی



گلێنە ئوستاد رەحمانی . قوتابخانەی ئازادی



دیاکۆ میراوەیی . زەوی سپی



رۆژان سۆفی زادە



پەیوەند رەمەزانی . قوتابخانەی ناوەندی یەك



ئاشتی کەلەشی . قوتابخانەی ناوەندی سێ



سوهەیلا شەریف زادە . زەوی سپی



دلنیا ر . مەهاباد



هەڵۆ هیمداد



عەلی ا . مەهاباد



دەربەند رەحمانی . قوتابخانەی ناوەندی یەك



ژانیار بەهاری . قوتابخانەی ئازادی



ساوێن رەسووڵ پوور



زەمەن بەهاری . قوتابخانەی ئازادی



شنێر رەزایی . ناوەندی یەك



هەژیر قادری . ناوەندی یەك

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# یاری بە قۆچەقانی




کەریم، وەک زۆر ڕۆژی دیکە دەستی دایە قۆچەقانی. ئەگەرچی دایکیو بابی زۆر جاران پێیان دەگوت: کەریم گیان واز لە بەرد هاویشتنو یاریکردن بە قۆچەقانی بێنە! کەریم گوێی بەو جۆرە قسانە نەدەدا.

سەرەنجام، ئەو ڕۆژە هات کە دایکو بابی کەریم لێی دەترسان. یەکێک لەو بەردانەی کەریم بە قۆچەقانی هاویشتبوونی، ڕاست وەچاوی چەپی منداڵێکی دراوسێیان کەوتبوو. منداڵەکە "زاگرۆس" هاوڕێو هەڤاڵی کەریم بوو.

کاتێک کەریم "زاگرۆس"ی بە چاوی پڕ خوێنەوە دیت کە دایکو بابی دەیانبرد بۆ نەخۆشخانە، دەستی کرد بە گریان. بە دەم گریانەوە سوێندی دەخوارد کە من بەردم لە "زاگرۆس" نەگرتوەو خۆ هەر زاگرۆسم نەدیوە، نازانم چۆن ئەو بەردەی وێ کەوتوە. بەڵام بابی کە هاتبوو تا لەگەڵ "زاگرۆس" بچێ بۆ نەخۆشخانە گوتی: هەر پێم گوتی واز لە بەردهاویشتن بێنە، بە قسەت نەکردم، ئەوەتا بەو یارییە پڕمەترسییەت، چاوێکی ئەو منداڵەت بۆ هەمیشە کوێر کرد. بۆ خۆشت دەبێ بۆ هەتا هەتا پەشیمانی بچێژیو بۆی بە پەرۆش بی. بەڵام جا فایدەی چیە، تازە بە خەم خواردنی تۆ چاوی زاگرۆس وەک خۆی لێ نایەتەوە.



# بەزمو ڕەزمی هێلکە



لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان ماڵێک هێلانەیەکیان بۆ مریشکو کەڵەشێرێک ساز کردبوو. ئەو ماڵە زۆر بە باشی ئاگادارییان لەو مریشکو کەڵەشێرە دەکردو منداڵەکانیش زۆریان خۆش دەویستن.

ڕۆژێکیان مریشک دەستی کرد بە گارەگارو مام کەڵەشێریش بە دەوریدا دەهاتو دەچوو.

مریشکەکە زۆر تەنگاو بوو. دوای ماوەیەک چووە ناو کولانەکەی خۆیو لە شوێنی جاران جێگای خۆش کردو هەڵنیشت.

مام کەڵەشێر لە دەرەوەی کولانە کە چاوەڕوان بوو. زۆری پێنەچوو؛ لەناکاو مریشکەکە دەنگی بەرز کردەوە قود. . .قود. . .قودا، قود. . .قود. . . قودا!

کەڵەشێریش بە بەرزی گوتی: قوقولی قوقو. قوقولی قوقو!

بەڵێ ڕاستە! مریشک هێلکەی کردبوو.

مریشکە خنجیل زۆر ماندوو و برسی ببوو. هەربۆیە لەگەڵ مام کەڵەشێر چینەیان دەکرد. برێکیان دانەوێڵە دیتەوە. بە دندووک خەریکی هەڵگرتنەوەی (چینەوەی) بوون.

هیچیان ئاگایان لە هێلکەکە نەمابوو.

ئەو ڕۆژە خانەخوێش ئاگایان لە مریشکو کەڵەشێر نەمابوو، چونکە لە شارەوە میوانێکی زۆریان هاتبوو. لەولاوە مریشکێکی ڕەش بە پێدزکە چووە ناو کۆڵانەکە. هێلکە تازەکەی بە ئیشتیا خواردەوەو بە ئەسپایی هاتە دەرێ. مریشکو کەڵەشێر تێریان خواردو چوونەوە ناو هێلانەکە تاوەکو پشوویەک بدەن.

مریشک بە نیاز بوو هێلکەکە وەبن خۆی بدا. کەچی کاتێک ڕوانی هێلکەکەی نەمابوو. زۆر دلگران بوو. لە کۆڵانەکە هاتە دەر. کەڵەشێریش وەدوای کەوت.

مریشکە ڕەش لە سووچێکەوە ڕاوەستابوو. دڵخۆشو سەربەرز چاوی لە مریشکو کەڵەشێر دەکرد. ئاگای لە خۆی نەمابوو. بیری لەوە دەکردەوە، جارێکی دیکە چۆن خۆی بگەیەنێتە ئەو هێلکە خۆشانە.

لە پڕ ڕێوییەک هاتو پەلاماری داو بردی. مریشکە ڕەش بە سزای کارە دزێوەکەی



خۆی گەیشت. مریشکە خنجیلو مام کەڵەشێر کە ئەو ڕووداوەیان دیت بە دڵنیاییەوە چوونەوە ناو هێلانەکەی خۆیان.

بێوار

**گوڵە جوانەکان! لە نووسینو نەققاشی کردن سڵ مەکەن، بنووسن، بکێشەوەو بینێرن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## درۆ



هاوڕێ سەرنج بێ بۆ تۆ
چەند شوورەییە درۆ
درۆزن هەر ڕوو ڕەشە
لە دنیادا بێبەشە
بێ نرخە، گەلێك سووكە
گەلێ سووكتر لەپووشكە
هەر كەسێ كە ڕاستگۆیە
خونچەی بەهاری نوێیە
خۆشەویستی هەموانە
جێی ناوجەرگەی دڵانە

دیاریی: ئاشتی مستەفایی

## كـولارە

بەرزە فرە كۆلارە
هاوڕێی هەموو منالە
هاوڕێی پەرەسێلكەیە
بزەی بۆ منال پێیە
وەرن با سەیری بكەین
تاوێ لەگەڵیا بفرین
چەندی بتەوێ دەفرێت
وەك باڵندە باڵ دەگرێت
كەسكەو هەم سوورو شینە
وەك ڕەنگاڵە ڕەنگینە
بە ئاسماندا تەی دەكات
دڵمان خۆش و شاد ئەكات

سەرچاوە: گۆڤاری كۆلارە
دیاریی ڕێباز فەلاحی، پۆلی شەشەمی سەرەتایی

## بووك

بووكی جوان و نەشمیلان
باڵا كورتی خنجیلان
ئەی چاوشینی خڕوخۆڵ
هەستە خۆت خە جموجۆڵ
كراسەكەی بەرت سوورە
كەزەی دڵت تەنوورە
پێڵاوەكەت جوانە
هەڵدەبەزی لەو بانە
كیژی جوان و خنجیلان
جار جار دەتباتە كۆڵان
بەزمانی شیرین و جوان
بۆت دەڵێ ڕازو داستان
ئەمجا خەو دێتە چاوت
دایدێنێ زولفی خاوت

شەریف فەلاح

## بەفر

ئای بابە گیان بەفر ئەبارێ تەماشا
جێگا نەما پێیەك دانێی لە حەوشا
كلو كلو دێتە خوارێ سپی و جوان
دەنكەدەنكەش با ئەیهێنێ بۆهەیوان
ئەڵێی وردەپەڕی سپیی دەعبایە
یا لێشاوی پەپوولەی ناو هەوایە
ئەها بابە ئەو پیشۆڵە هەژارە
كز كز نیشتۆتەوە لەو بن پاسارە
ئێستا مشتێ گەنم دێنم ڕۆی دەكەم
یا بیخوات و نەجاتی بێ لە ماتەم

تاژان عەلیڕەمایی

## قوتابخانە

قۆتابخانە زۆر خۆشە — مەڵبەندی بیرو هۆشە
مامۆستا خۆشەویستە — بۆ هەموومان پێویستە
هەموو زۆر چالاكانە — دەڕۆین بۆ قۆتابخانە
لەگەڵ هاوڕێ و بەرادەر — بەبێ ئازاردان و شەڕ
هەموو وێكرا دەخوێنین — وانەكان بەجێ دێنین
بەگوێی مامۆستا دەكەین — ئەرك جێبەجێ دەكەین

ئاسۆ محەممەدزادە، پۆلی سێیەم

## زانست



بەهێزیی خوێندەواری
لە بن دێنی هەژاری
ئێوەش ڕۆڵەی كوردستان
ئەوەی كاوەی قارەمان
دەست لە ملی زانین كەن
خۆتان بەهێزو تین كەن
بۆ وڵات ببنە پەرژین
بە هێزو بازوی زانین

منداڵینە هۆشیار بن
زیرەك و خوێندەوار بن
ئەمڕۆ ڕۆژی زانستە
زانست بۆ ژین پێویستە
تەماشا دەوروبەرمان
مەلە دەكەن لە ئاسمان

شنە سالحی — سەرچاوە: هەنك

## بولبول و ئازادی



ئەوسا بولبولێكم بوو
لە قەفەسی زێڕ دابوو
ئەیخوێن بە هەزار ئاواز
هەڵ ئەفڕی بە نیازو ناز
بوو بووین بە هاوڕێی یەكتر
لە خزم و خوێش زیاتر
بێ بەش نەبوو لە ئاو دان
خزمەتم كرد بێوچان

ئەو ئەیلاواند دارو گوڵ
ئەفڕی لەو چڵ بۆ ئەو چڵ
ئەیخوێند بە بەزمی دڵگیر
خۆی دانابوو بە ئەسیر
ڕۆژێ لە دەستم فڕی
لە دڵی بەهەستم فڕی
وتی با گشت گوێ گرێ
ئازادی زێڕ نای كڕێ!

سۆزان ئیبراهیم زادە، پۆلی سێیەمی سەرەتایی، ناوەندی ٣

**منداڵی ژیرو ئاقڵ، هەمیشە پاك و خاوێنیی خۆی و ماڵەوە دەپارێزێ**

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ڕڤیـــێ دێل قـــوت



زستانەکێ رڤیەک عەلی بوو ماستێ پیرێ دخوار، پیرێ ژی ڤەدزانی کو جینار ماستێ ڤێ دزن. لەوما پیرێ ئەهد کر کو شەڤێ نەرازێ بەلکو دزێ ماستێ خوە بگرە. شەوەکێ دیت کو ئەڤە رڤیێ فێلە زانە کو تێتە خارنا ماستێ ڤێ، نەکو جینار. لەوما خوە ڤەشارت و چاڤ نهێرێ رڤی ما. وەختێ کو رڤی هات پیرێ تەور داسەک لێدا و دێلا ڤی قەتاند.

وەختێ کو رڤی بێ دێل و ب پەریشانی ڤەگەریا ناڤ هەڤالێ خوە هەموو پێ کەنیان و گوتنێ قوتۆ، قوتۆ دێل مێ قوتۆ . . . رڤیێ دێل قوت ب ڤان پێ کەنین و ترانێ هەڤالا گەلک شەرم کر و . . . زڤری بال پیرێ توبە کر کو ئێدی ماستێ ڤێ نەخۆت و هێڤی لێ کر کو ئەگەر دێلا ڤێ چێکەت، ئەڤژی پێ هەمبەر ڤێ باشیێ دا کیسکەکە تژی پارە کو بنێ دارەکێ دا ڤەشارتییە بدەتە پیرێ.

پیرێ ژی کو دیت رڤی ژ کارێ خوە پەشیمان بوویە و توبە دکەت، گونەهێ ڤێ پێهات و دێلەک ژێرە چێکر و هندەک زەنگلۆکێن خاشکۆک ژێ پێڤە کرن. دەما کو رڤی ڤەگەریا، هەڤالا دێلا ڤی دیتن و گەلەک کەیفا خوە پێ ئانین و ژێ خاستن کو بو وان بێژە کو چاوان ئەڤ دێلا جندی بو خوە چێکریە.

رڤیێ فێلباز ژێ ل فرسەتەکێ دگەریا کو تۆلا خوە ژ هەڤالا ڤەکەت. لەوما گۆتە هەڤالا بلا زستان باش سار ببە هنگی ئەز دێلا ڤەژی ڤەکی یا خوە چێکەم.

وەختێ کو زستان گەلەک سار بوو ئو بووز قەرسی، شەڤەکێ گازی هەڤالا کر و گوتێ وەرن دێلا خوە بکەنە ئاو ئاڤا گولا گوند و هەتا سپێدێ بهێلن حەتا کو بکارم دێلا ڤەژی وەکی یا خوە چێکەم. ب ڤی تەرزی رڤیێ دنێ لێباندن و حەتانی سپێدێ دێلا ڤان ئاڤێدا هێلا و دێلا حەموویان ناڤ بوزێ دا قەرسی. گەل رۆناهی بوونا سپێدێ و هاتنا شڤان و سەیێ پەز، رڤیا کو خاستن جانێ خوە رزگار بکن، هندی چ کرن بووزێ دێلا وان بەر نەدا دێلا حەموویان قەتیا و بێ دێل خۆ خلاس کرن.

# بزن و مام ڕێوی

ڕۆژێکیان ڕێوییەکی فێڵباز کەوتبووە نێو بیرێکەوە، هەرچی فێڵ و تەڵەکەبازییەکی دەیزانی کردی سوودی نەبوو، هەوڵی دا بیری کردەوە، زۆر بە هەموو هێزێکەوە خەریك بوو نەیتوانی و چاری نەبوو لەنێو ئەم بیرەدا ڕزگاری نەبوو.

بزنێکی ماندوو و تینو و نەزان گەیشتە سەر ئەو بیرەی مام ڕێویی تێیدا گرفتار بوو. بزنی هیچ نەزان لە مام ڕێویی پرسی ئاخۆ ئاوی بیرەکە چۆنە؟ مام ڕێویی زۆرزان وتی گەلێ ڕوون و سارد و سازگارە، بزن وتی مام ڕێوی ڕێیەکم پیشان نادەی چۆن بێمە ناو بیرەکەوە؟ مام ڕێوی وتی گەلێ ئاسانە من یارمەتیت دەدەم. پێت دانێ سەر سەری من و خۆت باوێژە نێو ئاوەکە. بزنی نەزان بە پێی خۆی خۆی هاویشتە نێو بیرو گرفتار بوو. ڕێویی فێڵباز پێی دانا سەر شاخی بزنی هەژارو لەم داوە خۆی ڕزگار کردو بزنی لەنێو بیرەکەدا بەتەنیا جێ هێشت.

**شەیدا حەمەد ئەمین قادر، پۆلی چوارەمی سەرەتایی، زەوێ سپی**

# خۆزگـــــە



هاوینی ڕابردوو ڕۆژێك دوای تەواو بوونی دەرسەکانم دەگەڵ خزمەکانم چووموەوە بۆ ئێران بۆ سەردانی داپیرەو باپیرەو هەموو خزمەکانی دیکە کە لە مێژ بوو ئاواتم بوو چاوم پێیان بکەوێ و بیانناسم. چونکە ئەمن چەند کەسێکیان نەبێ تەواتی دیکەم نەدەناسی و تەنیا ناویانم بیستبوو.

لەو سەفەرەدا بۆ ماوەی دوو مانگ لە شاری. . .بووم. چەندە خۆش بوو، من ئاواتم ئەوە بوو کە ئاوا بیانبینم. ئێستاش ئاواتم ئەوەیە هەموومان بە ئازادی بچینەوە بۆ ئێران. ئاخر منداڵە خۆشەویستەکان، ئەمن زۆرم پێخۆشە داپیرەو باپیرەی خۆم ببینم. خۆزگە هەرچی زووتر بەو ئاواتە بگەم.

**شەوبۆ خالید عەلی**

رڤیێ دێل قوت ژی کو دیت پیلانا ڤی سەر گرتیە تێر پێ دکەنی و دکرە گازی : قوتۆ قوتۆ دێل مێ قوتۆ.

**ڤیان قادری پولا پێنجێ سەرەتایی**

**گەورەکان دەتوانن بە بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری، یارمەتیی "دنیای منداڵان" بدەن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# دیزەیەکی بێ بن

لێیان نا لێیان نەنا، دە دیزەیەکی بێ بندا وەسەریان نا، گۆشتەکەی چوو، ئاوەکەی ما. هەرکەس دەیخوارد پێی دەمرد، هەرکەس نەیدەخوارد بۆی دەمرد. کابرایەکیش گوتی: بیخۆم هەر پێی بمرم، نەیخۆم هەر پێی بمرم، دەیخۆم، خواردیو لە بن دیوارێکی دانیشت، پاڵی دابۆوەو چاوەڕوانی مردن بوو. سمێڵی چەور بوو، تاژییەك هات لسکێکی لە سمێڵی دا لاسمێڵێکی لێ کردەوە. کابراش دارێکی لە تاژی دا، تاژی ٧ تۆپو نیو جاو ڕیا. لەگەڵ کابرای ساحێب تاژی لێیان بوو بە شەڕ. کابرای ساحێب تاژی دەیگوت: تاژیی خۆمەو بۆ خۆم ڕیاوە، کابرای کە سمێڵی نەمابوو دەیگوت: سمێڵی خۆمی خواردوە، بۆ خۆم لێم داوە، بۆ خۆم ڕیاوە. گوتیان با بچینە شەرع. چوونە ماڵی کابرایەك، تەماشایان کرد کابرا لەسەر پەلکی پیوزاێ نوێژی دەکرد، بەردێ لە کولانەکە بەربۆوەو وە تەپڵی سەری کەوتو لە قوونی هاتە دەر، هەتا سەریان دەرمان دەکرد قوونی دەکولاوە، هەتا قوونیان دەرمان دەکرد سەری دەکولاوە. یەکێك هات گوتی با گوێزێك دە قوونی بنێین هەتا سەری دەرمان دەکەین، هەتا سەریان دەرمان کرد گوێزەکە شین بۆوە، لكو پۆپی بە کۆڵاندا چوونە دەرێ، گوێزی پێوە بوون هەموو پڕ بە چنگ، منداڵان بۆ گوێز لێ کردنەوە دەستیان بە هەڵا بەردێن کرد. بەردێكو سندە گڵێك لەوێ گیر بوونو بوو بە دەشتی کاکی بە کاکی. حەوت جووتی گا ڕەشان، حەوت جووتی گا بۆران، حەوت جووتی گا زەردان، حەوت جووتی گا بەڵەکان، حەوت جووتی گا سووران، جووتیان دەکرد، هیچی گوێی لە هۆ هۆی هیچی نەدەبوو. کوڕێك لەبەر کەڵو گامێشان بوو. کەڵو گامێشەکانی چوونە دە هەرزنێ، زۆریان لێ گەڕا نەیدیتنەوە،



هەرزنیان دروونەوە نەیدیتنەوە، گێرەشیان کرد هەر نەیدیتنەوە، لە ئاشیشیان کرد هەر نەیاندیتنەوە، کردیانە هەویر هەر نەیاندیتنەوە، کردیان بە نانو بە تەندووریانەوە دا، کەڵو گامێش بە هۆقە هۆق لە تەندوور هاتنە دەرێ. کابرایەکی دیکە وشتری لێ ون ببوو، لەو دەشتە زۆر گەڕا نەیدیتەوە، ماندوو بوو لە قەراخ بێستانێکی لایدا. شووتییەکی لێ کردەوە، چەقۆی لێ دا لەتی کا، چەقۆکەی تێ کەوت، ئەویش خۆی تێ هاویشت، تەماشای کرد دووکانو بازاڕێکە سەیر، زۆر لە چەقۆکەی گەڕا نەیدیتەوە، تووشی کابرایك بوو و، کابرا پرسی ئەوە لە چی دەگەڕێی؟ وتی چەقۆیەکی ئاوام لێ ون بووە. وتی چەقۆکەی تۆ ئەوە لە کن وەستا خالەی نەڵێنییە، حەوت بیور، حەوت تەشوێ، حەوت داس، حەوت تەوەرداس، حەوت چەپەچاخی لێ دروست کردوون، ئەگەر نەیگەیێ دەمی جدەو دەبێ.*

**ئاسکە عوسمانی ـ فۆلکۆر**

(*) جدەو دەبێ، واتە هێندێکی لێ دەبێتەوە

## ئالبۆمی دنیای منداڵان



کازیوە رەش — سادق کاکاغازادە — هەتاو ناسری — نارا باڵەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org